گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue3 2024
ID No. 1627 (PP 40-51)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.3.3

توێژینەوە

# ڕۆڵی شاژنە (شیشندوخت Šīšīnduxt) لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی و جووەکان

**کەلسومە جەمیل عبدالواحد** / بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی شاژنە (شیشندۆخت) هاوسەری شا (یەزگوردی یەکەم) دەکات، کە لە بنەماڵەیەکی دیاری ئایینی جوو بەرپرسی (راس جالوت) بووە، هۆکاری پتەو کردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی و جووەکان بووە، شای دەوڵەت (یەزگوردی یەکەم) بە هاندان و پاڵپشتی شاژنە (شیشندۆخت) چەند کارێکی ناوازەی ئەنجامداوە، کە کاریگەری هەبووە لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی جووەکان، وەك نۆژەنکردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی شاری ئەسفەهان، ئەویش بووە هۆی نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری جووەکان لەو شارەدا، لە ئەنجامدا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ئابووری لێکەوتەوە، کارێکی تری ئەو شاژنە بریتی بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی باج و پیتاك، چونکە لە دیدگای جووەکان بەخشینی باج جگە لە جووەکان ڕێگە پێدراونەبووە، بەڵکو تاوان بووە، بەڵام بەهۆی ڕۆڵی (شیشندۆخت)، کە ناسناوی شاژن (مەلیکەی) هەبووە، هەروەها دایکی کوڕان بووە، کێشەکە چارەسەر کراوە، وێرای هەبوونی چەندین پاشماوەی ئەو سەردەمە، دەرخەری ئەوەن کە جووەکان لە ماوەی حوکمڕانی (یەزگوردی یەکەم) بە هۆی شاژنەوە بە ئارامی ژیاوون.

CORRESPONDENCE
**کەلسومە جەمیل عبدالواحد**
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/12/14
پەسندکردن 2024/03/07
بڵاوکردنەوە 2024/06/15

**وشە سەرەکییەکان:**
شیشندۆخت،
یەزگوردی یەکەم،
جووەکان،
راس جالوت.
ئەسفەهان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

لە دەوڵەتی ساسانیدا (224-651ز) ڕۆڵی پیاو لە سیستەمی فەرمانڕەوایی باڵادەست بووە، بێگومان ئەویش لە بۆچوونەکانی ئایینی زەردەشتی سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئایینی زەردەشتی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتەکەدا لە سەردەستی (ئەردەشێر کوڕی بابك، 224-241ز) بوو بە ئایینی فەرمی، پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە پێوەری ئایینەکە پەیوەستکرا، ئایینەکەش بە هیچ جۆری هانی ئافرەتان نادات ڕۆڵ و پێگەی سیاسییان هەبێ، یاخود جڵەوی ڕاستەوخۆی حوکمڕانی بگرنە دەست، بەڵکو ئەرك و وەزیفەی ئافرەت تەنها لە چوارچێوەی خێزاندا دەبینێت، بەوەی کە ئەرکی سەرەکی خستنەوەی منداڵ وپەروەردە کردنیەتی، وەك لە (بندهش)دا کاتێ ئەرکی ئافرەتان دیاری دەکات، کە تێیدا هاتووە (هورمزد ڕووی لە ژن کرد و فەرمووی: ئەی ژن، تۆ دەژیت بۆ ئەوەی ژن و پیاوی مەزن و پاك و بە هێز لە ئامێزی پاك و پیرۆز و پر خۆشەویستی خۆتدا پەروەردە بکەیت، کە ببێتە هۆی نەهێشتنی دوژمنانی ڕاستی و پاکی لە جیهان دا) (بندهش، 1395: 83)، کەواتە لە فەرهەنگی ئایینی زەردەشتیی سەردەمی ساسانیدا هیچ هاندانێك نییە بۆ ئەوەی ئافرەت پۆست یان پێگەی سیاسی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ئافرەتانی کۆشك توانیوویانە بگەنە بەرزترین پێگە، ئەویش دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتیە، دیارە بەهۆی نالەباری ڕەوشی سیاسی ئەوکات بووە، هەروەکو لە کۆتاییەکانی دوو ئافرەت بەتایبەتی کچەکانی (خوسرەو پەروێز،590-628ز) (بوران دۆخت و ئازەرمیدۆخت، 628-632ز) بوون بە شای دەوڵەتی ساسانی، گومان لەوە دانیە ئافرەتان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبووە لە کایەی سیاسیدا، یەکێ لەوانە شاژن (شیشندۆخت)ە توانی هاوسەنگی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی جووەکانی لەچوارچێوەی دەوڵەتی ساسانیدا ڕابگری، لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە پێگە و ڕۆڵی ئەو شاژنە بخرێتەڕوو، لە تەوەری یەکەم دەربارەی پێگەی شاژنە شیشندۆخت لە دەوڵەتی ساسانی و ڕەوشی جووەکان لەسەردەمی یەزگوردی یەکەمدا ڕوونکراوەتەوە، تەوەری دووەم تایبەتە بە کاریگەری ڕۆڵیی شاژنە شیشندۆخت لە نوژنکردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی شاری ئەسفەهان و چارەسەرکردنی کێشەی باج و سەرانە، هەروەها لێکەوتەکانی ڕۆڵیی شیشندۆخت لە کۆمەڵگای دەوڵەتی ساسانیدا، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئانجامەکان خراوەتەڕوو.

## 1- پێگەی شیشندۆخت لە دەوڵەتی ساسانیدا

شیشندوخت کچی (راس جالوت)ی[i]ئەو کات (حەنا بارناثان)ە، کەواتە ئەو ئافرەتە لە بنەماڵەیەکی دیاری ئایینی(جوو) بوو، هاوسەری (یەزگوردی یەکەم،399- 420ز)، کە بە (یەزگورد کوڕی شاپوور) ناوی هاتووە،[ii] کە چواردەهەمین شای دەوڵەتی ساسانی بووە، بۆ ماوەی بیست و یەك ساڵ حوکمڕانی کردووە (الیعقوبی،1963: 131). هەرچەندە نازانرێ(یەزگوردی یەکەم) لەچەندەمین ساڵی حوکمڕانیدا هاوسەرگیری لە گەڵ (شیشندۆخت) کردووە، لەبەر ئەوەی دوای یەزگوردی یەکەم (بەهرامی پێنجەم، 421-439ز) دەسەڵات وەردەگرێ، کە تەمەنی بچووك نەبووە، بەڵکو لەسەرووی بیست ساڵییەوە بووە، بۆیە لەودەچێ هەر لەسەرەتایی حوکمڕانی ئەم پەیوەندیە کۆمەڵاتییە دروست بووبێ.

باوکی (شیشندۆخت) (حەنا بارناثان)، پەیوەندەیەکی پتەوی لە گەڵ شای ساسانی (یەزگوردی یەکەم)هەبووە، هەرئەمەش لەوانەیە هۆکار بووبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە، هەروەکو روونە بەهیچ جۆری ڕێگەپێدراو نەبووە بۆ شاکانی ساسانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی چینی گشتی بکەن، ئەمە یاسابووە، بۆ پاراستنی ڕیز و نەسلی ماڵبات و سەروەت و سامانیان (حسین، 2018: 111)، هەبوونی ژنی زۆر، یاخود فرە ژنی، لە لایەن شاکانی دەوڵەتی ساسانی زۆر ئاسایی بووە، هاوسەرییان لە هەموو هۆز و نەتەوەیەك دەخواست، بە گوێرەی مەرج وئارەزووە تایبەتیەکانی خۆیان، هەروەها لە شێوە وجوانی و ئاستی لێهاتوویی ئافرەتەکان، بەڵام پێویستبوو لە لایەنی پێگە وئاستی کۆمەڵایەتییەوە گونجاو بێت، بەوەی هاوچینی خۆیان بێت، چونکە هەر خانمێك بە فەرمی ببێتە خێزانی شای دەوڵەت، ئەوا نازناوی (شاژن)ی پێدەدرێ، بۆیە پێویست بوو، ئەو خاتوونەی، ئەو نازناوەی پێدەبەخشرا، کە دەبووە هاوسەری شا لە چینێکی باڵای کۆمەڵگا بووایە، بەتایبەتی ئەوانەی بەژداربوون لە پێکهاتەی دەوڵەت[iii]، هەرچەندە (شیشندۆخت) لە چینە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگای ساسانی نەبووە، بەڵام کچی گەورەی جووەکان بووە، لەمەوە دەردەکەوێت کە پێگەی بنەماڵەی (شیشندۆخت) لەو ئاستەدا بوونە تاوەکو ببێتە شاژن، شا بتوانێ بیکاتە هاوژینی خۆی، ئەمەش گوزارشتی لە پێگەی (راس جالوت) دەك لە دەوڵەتی ساسانیدا.

هاوسەرگیری نێوان (یەزگورد) و (شیشندۆخت) قسەو باسی لەسەر وتراوە، هەیە ئەم پەیوەندییە بە ئەفسانە ناوزەد دەکات، گوایە ئەم هاوسەرگیرییە بوونی نەبووە، بەوەی بەڕاستی نازانێت، لەبەرئەوەی لە لایەن جووەکان بە روونی ئاماژەی پێنەکراوە(فیلدا،1343 : 252)، بەڵام مێژوونووسێك لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئەو هاوسەرگیرییە دروست بێت، یان نا، ئەمە لایەنی لێبووردەیی ئایینی و پەیوەندی و نزیکی (یەزگوردی یەکەم) لە گەڵ جووەکان دەردەخات، (دەریایی،1388: 31) لە لایەکی

تر(شیشندۆخت) دایکی بەهرامی پێنجەم و نەرسی، شاپووری چوارەم بووە، بۆیە یارمەتی زۆری جووەکانی داوە، ئەمەش وای کردووە جووەکان لە کۆشك زۆر نزیك ببنەوە و ئازادی تەواویان هەبێ، بە ئاشتی و ئارامیدا ژیانیان کردووە.

### 1-1 ڕۆڵی راس جالوت لە بەهێزکردنی پەیوەندی جووەکان لە گەڵ دەوڵەتی ساسانیدا:

جووەکان لەپاش ڕاگواستنیان لە بابل خۆیان ڕێکخست و کەسێکیان وەك پێشەوا، یان وەکو سەرۆکی خۆیان دیاریکرد، ناسراو بوو بە (راس جالوت)، کە وەك سەرۆکی جووەکان، سەرپەرشتیی و چاودێری کۆمەڵگای جووەکانی دەکرد لە بابل، نازناوی (مەلیك)ی هەبووە (علی، 1993: 658)، ڕێز و گرنگی زۆری هەبووە لە لای جووەکان( Sasson ,1997: 42)، چونکە بە پارێزەری جووەکان دادەنرا، یاخود هێمای (خود موختاری) بووە، هەموو کارێکی بۆخزمەت کردنی جووەکان ئەنجام دەدا، وەك دیاری کردنی دادوەر لە دادگاکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها ڕێژەی ئەو باج و بژارەی لەسەر جووەکان بوایە دیاری دەکرد(التطیلی، 2003: 384)، وێڕای سزای سەرپێچی کەرانی دیارەیدەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی وازیان لە ئاینەکەی خۆیان هێنابا، هەروەها سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و زانستگاکانی دەکرد(علی، 1993: 658)، لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەنی سەرمایەکی مەزن بووە[iv]، زەوی بەرفراوانی کشتوکاڵی زۆری هەبووە، بێجگە لەو سامانەی بە میرات بۆی مابۆوە و دیارییەکی زۆری لە دەوروبەرەوە بۆ دەهات، لە ڕووی سیاسیەوە پەیوەندی نێوان جووەکان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ساسانی ڕێکدەخست، ئەوەی لەو پۆستەدا بووایە بێگومان کەسانی قسەزان و سیاسی لێهاتووبوونە(التطیلی،2012: 384)، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان لە دەسەڵاتدارانی ساسانی نزیك بکەنەوە، زۆر ڕێگایان بەکاردەهێنا، لەوانە پێشکەش کردنی دیاری گرانبەها، یاخود لە ڕێگەی هاوسەرگیری، هەروەکو ئاماژە بە دوو پرۆسەی هاوسەرگیری دوو پاشای بە ناوبانگی ئێران دەکرێ، ئەوانیش (استیر) هاوسەری پاشای ئەخمینی[v](ئەحشۆریشی یەکەم، 486-465ز) (سفراستیر.2: 19)، (شیشندۆخت) هاوسەری یەزگوردی یەکەم، جووەکان زۆر شانازییان بەوە دەکرد، کە دوو لە کچانی ئەوان بوونەتە هاوسەری شا بەناوبانگەکانی ئێران(محمد، 2019: 35).

لە مێژووی کۆندا پرۆسەی هاوسەرگیری سیاسی پەیڕەوکراوە، کە زیاتر بە هاوسەرگیری بەرژەوەندی ناودەبرێ، دیارە بۆ مەبەستی بەرقەرارکردنی پەیوەندی ئاشتی و تەبایی لە نێوان قەوارە سیاسیەکاندا بووە، زیاتر لە شێوەی ڕێکەوتنامە دەچێت، کە دەسەڵاتداران بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی پێگەی سیاسی، یان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی بەکاریانهێناوە، ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری شا (یەزگوردی یەکەم)ی لەگەڵ کچی (راس جالوت) بە فەرمیی، دیارە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی جووەکان بووە، لە لایەکی تردا گوزارشتی لە پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی جووەکان لە دەوڵەتی ساسانییدا دەکات، بێگومان ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کاریگەری زۆری هەبووە، بەوەی (شیشندۆخت) وەك شاژنێکی دەوڵەت، دڵسۆز بۆ نەتەوەکەی (جووەکان) ڕەفتاری کردووە، کە ڕۆڵی هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان جووەکان و دەوڵەت، ئەمەش بەوەی کچی گەورە بەرپرسی ئەو دەزگایە بووە، کە بەرزترین پۆستی حوکمڕانی جووەکانی بووە لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ساسانیدا.

### 2-1 ڕەوشی جووەکان لەسەردەمی یەزگوردی یەکەمدا

پەیوەندی جووەکان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی کۆنی ئێرانی نزیکەی هەشت سەدە هەر لەسەردەمی ئەخمینییەکانvi تا کۆتایی سەردەمی ئەشکانی247 پ.ز-224 ز،viiدۆستانە و ئاشتی بووە، بەڵام لەسەدەی سێیەمی زایینیدا، ڕەوشەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانی لەسەر بنەمای ئاینی، کۆتایی بەو پەیوەندیە ئاشتیانە هێنا و دژایەتی ئایینەکانی تری لێکەوتەوە (لوی، 1339: 221)، بەتایبەتی لەسەرەتایی دامەزراندنی دەوڵەتدا، بۆ پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵاتی نوێ وچەسپاندنی یەك ئایدۆلۆژیا لە سەرتاسەری دەوڵەت و سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی دەسەڵاتی پێشوو، ئەمەش بەهۆکاری تەواوی سیاسی بووە، ئەم ڕەفتارەی شایەکانی ساسانی لە بەرامبەر بیروباوەڕەکانی تر دژایەتی و چەوساندنەوە بووە، هەروەکو لە نووسینەکەی نەخشی کارتیر(cartier)[viii] لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانیدا بەدەردەکەوێ، بەمەبەستی پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و پاێزگاریکردن لە ئاینی دەوڵەت (زەردەشتی)، گشت ئاینیەکانی تری بە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی دەوڵەت هەژمارکردووە، بۆیە بەرگەی ئاینەکانی تریان نەگرتووە(دریایی،1383: 71)، هەنە لەو باوەڕەدانە، کە دژایەتی کردنی ئاینەکانی تر لە دەوڵەتی ساسانیدا، بەهۆی ئەوە بووە، کە ئاینی زەردەشتی هیچ ئاماژەیەکی بە جیهانیبوونی تێدانیە، بەوە پارێزکارە و تەنها تایبەتە بە دەوڵەتی ساسانی، بۆیە باڵادەستبوونی هەر ئاینێکی تر بە دووژمن هەژماردەکرا، چونکە ئاینی زەردەشتی گوزرارشتی لە بەرژەوندی بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتداران دەکرد، بەوەی لاوازبوونی زەردەشتیەت لەناو کۆمەڵگادا لاوازی ئەو چینەی دەردەخست، هەر لەبەر ئەوە دژایەتی گشت بیروباوەڕ و ئاینێکی تریان دەکرد(باقر واخرون، 1980: 132)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ساسانی هەڵوێستی جیاواز لە بەرامبەر جووەكان پەیرەوكراوە، بەوەی هەندێ جار لێبوردە بوونە، هەندێ جاریش زۆر بە توندی دژایەتیان كردوون، دیارە ئەمەش پەیوەندی بە هەڵومەرجی سیاسی ناوخۆیی و دەرەكیەوە هەبووە، كەچی لە سەردەمی حوكمڕانی (یەزگوردی یەكەمدا)، ڕەوشەكە زۆر جیاواز بووە و گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە، بەوەی بە سەردەمی زێرین بۆ جووەكانی ئێران دادەنرێت، چونكە (یەزگوردی یەكەم) بە لێبوردەیی و ئاشتی و میهرەبانی ڕەفتاری لە گەڵ كردوون، بۆیە جووەكان ئەویان بە (كۆرش)ی نوێ ناوبردووە(جلیلیان،1395: 20)، بێگومان ئەویش بۆ ڕۆڵی كۆرشی مەزن (550- 530 پ.ز)دەگەڕێتەوە[ix]، كە زۆر میهرەبان بووە لە گەڵ جووەكانی بابل، هەر لەبەر ئەوەیە سەرچاوە عەرەبیەكان و فارسیەكان (یەزگوردی یەكەم) بە تاوانبار یان گوناهبار(بزكار)، (ستەمكار)ناو دەبەن، بەوەی پاشایەكی توندڕەو بێ ویژدان بووە (الاصفهانی:43؛ طبری، 1998: 37؛ المسعودی، 1936،88؛ الدینوری: 52؛ تفضلی، 1375؛ العابد، 1999 :51)، بۆچوونەكەی پێشتر زیاتر لەوە سەرچاوەی گرتووە، كە (یەزگوردی یەكەم) دژایەتی زۆری پیاوانی ئایینی و خانەدانانی كردووە، سنووری بۆ دەسەڵاتیان داناوە (ابن البلخی، 2001، 75)، بە پێچەوانەوە بەڵكو كەسێكی چاك و لێبوردە و ئاشتیخواز بووە، بەڵگە بۆ ئەمە شێوازی مردنەكەیەتی، كەبە شێوەیەكی گوماناوی مردووە، دەوترێ بە پیلانی چینی خانەدانان و پیاوانی ئایینی بووە (طبری، 1998: 37). دەكرێ ئەم بۆچوونە تا ڕادیەك لە ڕاستی نزێك بێت، چونكە ئەگەر شایەك بە دڵی چینێكی دیاری كراو نەبێت، بەتایبەتی لە دەوڵەتی ساسانیدا چینی پیاوانی ئایینی و خانەدانان، ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە ئاراستەكردنی سیاسەتی دەوڵەت، ئەگەر بە ئارەزووی ئەو چینانە ڕەفتاری نەكردبێ بە پیاو خراپ و توندڕەو نامرۆڤانە ناوزەدیان دەكرد، یاخود ئەمەش دەبێتە هۆی بوونی بۆچوونی جیاواز لەسەر ژیان وكەسایەتی هەر شایەك كە بەم جۆرە بێت.

دەكرێت بگوترێت (یەزگوردی یەكەم) كە شایەكی ئاشتیخواز بووە بەوەی نازناوی لەسەر دراوی تایبەت بەخۆی بە(Rāmšahr رامشهر) نووسراوە، كە بەواتای (پارێزگار لە ئاشتی) هاتووە (Daryaee, 2020: 37)، ئاشتیخواز و ڕەفتاری جوانی، ئەو شایەی وای لە ئیمپراتۆری ڕۆمانی(ئەركادیوسArcadius،373-408ز)[x]كردووە، كەداوای لێكردووە كوڕەكەی( ثیودوسیوس؛ تیۆدۆس)، بەو پسپێرێ لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناوخۆییان خراپ بوو( Edwell,2013,850)، خۆشی ئیمپراتۆر تەندروستی باش نەبووە، ژیانی بەرەو كۆتایی دەچێت، هەروەها كوڕەكەی (جێنشین) تەمەنی بچووك بووە، تاوەكو لە مەترسی جەنگی ئێران بیپارێزێ، داوای لە (یەزگورد) كردووە بۆ سەرپەرشتی كردنی، هەركاتێ ئیمپراتۆر (ئەركادیۆس) ئەو داواییەی لێدەكات، ئەویش بە تەنگ داوایەكەوە دەچێت و زۆر بە چاكی پەیمانەكەی دەباتەسەر، ڕاستەوخۆ زانایەكی مەزنی ئەوكات بە ناوی (ئەنتیخیۆس)دەنێرێت بۆ قوستەنتینیە بۆ چاودێر و پەروەردەكردنی تیۆدۆس، بۆیە لەسەر ئەو هەڵوێستە مەردانەی، ئەنجومەنی پیرانی ڕۆما بانگەشەیان دەكرد، كە (دوژمنی ئیمپراتۆری بچووك، دوژمنی شایە) ( پیرنیا، 3013: 346)، ئەمە دەرخەری ئەوەیە كە شا (یەزگوردی یەكەم)، پەیمانی ئاشتی لە گەڵ ڕۆمای قبول كردووە هەروەكو (كریستنسن) لەم بارەوە ئاماژە بەوە دەكات (یەزگورد) لێبوردەیی لە سروشتی خودی خۆیدا هەبووە(1957: 258)، ئەمەش هۆكار بووە كە لەم ماوەیەدا پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی ڕۆمانی لە ئاستێكی باشی ئاشتیدابووە.

### 2- ڕۆڵیی شاژنە شیشندۆخت لە كۆشكدا

شاژنە(شیشندۆخت)، وەكو هەر شاژنێكی دی لە كۆشكی ساسانیدا هاوكاری شا بووە، بەڵام دەكرێ بوترێ ڕۆڵی ئەو شاژنە لە گەڵ شاژنەكانی تر جیاواز بوویێت، لەبەر ئەوەی بە ڕەچەڵەك جوو بووە، هەتا شێوەی هاوسەرگیرەیەكەشی سیاسی بووە، مەبەستی جووەكان لەم پرۆسەیەدا زیاتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان بووە لە كۆشكی ساسانیدا، چونكە هەر لە كۆنەوە جووەكان لە هەوڵی ئەوە دابوونە، كە خۆیان لە كۆشك و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت نزیك بكەنەوە، چونكە جاری وابووە دووچاری ئەشكەنجەو سزا بوونەتەوە، بوونی ئەو شاژنەش لە كۆشكدا لەوانەیە ڕەوشەكە بۆ بەرژەوەندی جووەكان بگۆڕی، بەوەی یەكێ لە كارە هەرە گرنگەكانی پاراستنی پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان دەوڵەت و جووەكان بوو بێت، ئەمەش لە هەڵوێستی شا (یەزگوردی یەكەم) بەدەردەكەوێ، كاتێ هەڵوێستی لە بەرامبەر كریستانیەكان دەگۆڕێ، هەرچەندە دەوترێ بە هۆی خراپ مامەلە كردنی كرستیانەكان بووە(ابونا، 2007: 46). بەڵام هیچ ئاماژەیەك نیە، كە سیاسەتی(یەزگوودی یەكەم) لە دژی جووەكان گۆڕانكاری بەسەردا هاتبێت، بەڵكو تا كۆتایی ژیانی میهرەبان بووە، ئەمەش مەزندەی ئەوەی بۆ دەكرێ، كە بۆ ڕۆڵیی شاژنە (شیشندۆخت) بگەڕێتەوە، كە پێگەیەكی باڵای هەبووە لە كۆشك و كاریگەری لەسەر شا و بڕیارەكانی هەبوویێت. لە لایەكی تر جووەكان پەیوەندییان بەسەر سیاسەتەوە نەبووە(كریستنسن، 1957: 258). دەستیان نەدەخستە ناو كاروباری دەوڵەت، بەمەش توانی پارێزگاری لەو پەیوەندیە

ئاشتیانه بكات، له‌وانه‌شه جووه‌كانیش هه‌ر له‌به‌ر شاژن هیچ ڕه‌فتارێكی ناشایسته‌یان نه‌كردبێ، بۆیه ئاشتی و ته‌بایی سیمای دیاری ئه‌و سه‌رده‌مه بووه.

له‌م ته‌وه‌ره‌دا هه‌وڵده‌دڕێ تیشك بخرێته‌سه‌ر هه‌ندێ له‌و كارانه‌ی كه شاژنه (شیشندۆخت) ئه‌نجامی داون، وه‌ك نوژنكردنه‌وه و ئاوه‌دان كردنه‌وه‌ی شاری ئه‌سفه‌هان.

### 1-2 نوژنكردنه‌وه و ئاوه‌دان كردنه‌وه‌ی شاری ئه‌سفه‌هان

ئه‌سفه‌هان (ئه‌سبه‌هان) یه‌كێ بووه له‌و هه‌رێمه ناودارانه‌ی سه‌رده‌می ساسانی، ناوه‌كه‌ی به شێوه‌ی (ئه‌صفه‌هان، ئیسفه‌هان، ئه‌سباهان )هاتووه، كه ناوێكی لێكدراوه له دوو برگه پێكهاتووه به واتای وڵاتی فارسان، یان به" ئه‌سپ و هان " واتا خاوه‌نی ئه‌سپ و جه‌نگاوه‌ران دێ(الایدامی، 2019: 2)، هه‌ڵكه‌وته جوگرافیه‌كه‌ی، به‌وه‌ی كه ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی ئێران، زیاتر به‌ره‌و ڕۆژئاوای له گه‌ڵ هه‌رێمی چیا هه‌ژمار كراوه، ئاو و هه‌وایه‌كی له بارو گونجاوی هه‌بووه، هه‌روه‌كو یاقوت الحموی كاتێ باسی ئه‌و شاره ده‌كات ئه‌ماژه به‌وه ده‌كات، كه ئاو و هه‌واكه‌ی ئه‌وه‌نده ته‌ندروست و سازگاره تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ی گۆشت تێیدا بۆگه‌ن نابێ، هه‌ر چه‌ندیش بمێنێته‌وه(یاقوت الحموی، 1977: 1: 206)، له سه‌رده‌می ئه‌شكانیه‌كاندا هه‌رێمێكی سه‌ربه‌خۆ بوو، به‌ڵام له كاتی شۆڕشه‌كه‌ی (ئه‌رده‌شێر كوڕی بابك، 224-241ز) له ساڵی 224ز له دژی دوا پاشای ئه‌شكانی (ئه‌رده‌وانی پێنجه‌م،216-224ز) هاوكار و یارمه‌تیده‌ری ئه‌رده‌شێر بووه (كارنامه: 1،1339)، به‌ڵام ئه‌ده‌شێر دوای ئه‌وه‌ی هه‌رێمی (كه‌رمان)ی خسته ژێرده‌سه‌ڵاتی خۆی، له ڕێگه‌ی هێرشی بۆ (ئه‌هواز)، (ئه‌سفه‌هان)ی داگیركردووه (باقر، 1980: 112).

هه‌بوونی كۆمه‌ڵگه‌ی جوو له‌و شاره‌دا مێژوویه‌كی زۆر كۆنی هه‌یه، مێژوونووس و وڵاتناسانی موسڵمان له نووسینه‌كانیاندا ئاماژه‌یان به‌و شارو شاره‌دێیانه كردووه، كه جووه‌كانی تێدا نیشته‌جێ ببوون، وه‌كو (ابن حوقل) ئاماژه به بوونی جوو له‌و شاره‌دا ده‌كات، كه بۆ سه‌رده‌می (نه‌بوخه‌زنه‌سری، كلدی، 605-562پ. ز)ده‌یگه‌ڕێنێته‌وه، به‌وه‌ی جووه‌كانی ڕاگواستۆته‌وه بۆ ئه‌سفه‌هان شارێكی به‌ناوی گی (گابان) (شه‌هره‌ستان) بۆیان بونیادناوه، به‌ڵام دوای نیشته‌جێبوونی جووه‌كان، ناوه‌كه‌ی گوڕاوه بۆ یه‌هوودیه (ابن الحوقل، 1992 ،208)، یاخود هه‌یه بوونی جووه‌كان له‌و شاره بۆ سه‌رده‌می كۆرشی ئه‌خمینی ده‌گه‌ڕێنێته‌وه، كاتێ كه له 539پ.ز ده‌ستی به‌سه‌ر بابلدا داگرتوه‌و ئازادی پێدان و سه‌رپشكی كردن له گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ شوێنی خۆیان(ئیسرائیل)، یاخود مانه‌وه‌یان له بابل، به‌ڵام به‌شێكی زۆریان ڕوویان له ئێران كردووه له شاره‌كانی (شوش) و دواتر (ئیسته‌خر) نیشته‌جێ بوونه، هه‌روه‌ها (مادام دیولافوا)[xi]هه‌مان بۆچوونی هه‌یه، كه بوونی جوو له‌و شاره‌دا بۆ سه‌رده‌می ئازادكردنی جووه‌كانی بابل ده‌گه‌ڕێته‌وه(1322: 238)، دیاره دواتر جووه‌كان كاتێ به‌ره‌و شاری ئه‌سفه‌هان ڕۆیشتوون، هه‌روه‌كو( المقدیسی) ئاماژه به‌وه ده‌كات، له‌دوای ڕاگواستنیان، مشتێكی خاكی وڵاته‌كه‌یان له‌گه‌ڵ خۆیان هێناوه ڕۆیشتوونه هه‌رشوێنێك به‌راووردیان كردووه، بۆیه كاتێ ڕۆیشتوون بۆ ئه‌سفه‌هان زۆر به‌راووردیان كردووه، ده‌ركه‌وتووه، خاكی ئه‌سفه‌هان هاوشێوه‌ی خاكی خۆیان بووه، بۆیه نیشته‌جێی ئه‌و شاره بوونه(1988: 297)، له شاره‌كه‌دا گه‌ڕه‌كێك، یان به‌شێكی تایبه‌ت به جووه‌كان به‌ناوی(جی) بونیادنراوه، كه نووسه‌رێكی تر له‌و باوه‌ڕدایه ئه‌و شاره پێشتر ناوی جی بووه، ئه‌سكه‌نده‌ری مه‌كدۆنی (٣٥٦ - ٣٢٣ز)، دروستی كردووه، به‌ڵام له‌سه‌رده‌می یه‌زگوردی یه‌كه‌م بۆ ناوی (جهودن را) گۆڕاوه، كه له‌به‌ر خاتری شاژنه‌كه‌ی شیشندۆخت كردوویه‌تی به شارێكی تایبه‌ت به نیشته‌جێكردنی جووه‌كان(دریایی، 1388 :37)، دواتر ناوی (یه‌هودیه)ی لێنراو، هه‌روه‌كو مێژونووسی موسلمان(بلاذری) ئاماژه به‌ناوه، كه ده‌كات له كاتی فتوحاتدا، له‌و كاته‌ی سوپای مووسڵمانان به‌ره‌و ئه‌سفه‌هان ڕۆیشتوون، شه‌ڕیان نه‌كردووه و ئاشتیان قبوڵ كردووه(1997، 437).

له‌وه ده‌چێ ئه‌و شاره مێژووه‌كه‌ی كۆن بێ، به‌ڵام ئه‌و شاژنه گه‌ره‌كێكی تایبه‌تی تێدا بۆ جووه‌كان دروستكردووه( Loeb,2011: 278). بۆیه ساسانیه‌كان ناوی (جهودانك) یان (كوچی یهودان) یان به‌و شوێنه وتووه، كه جووه‌كانی تێیدا ژیاون، كه به واتای گه‌ڕه‌كی جووان دێ (نتصر، 1351 ،486)، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یه ڕێژه‌ی جووه‌كان له‌و شاره‌دا زۆر زیاتر بووه به به‌راورد له‌گه‌ڵ شاره‌كانی تر، كه جووه‌كانی تێدا نیشته‌جێ ببوون، وه‌كو (هه‌مه‌دان، كاشان، یزد، بروجرد)، هه‌روه‌ها جووه‌كان له‌ناو ده‌وڵه‌تی ساسانیدا له چه‌ندین شاری تری وه‌ك (خوزستان، هه‌مه‌دان، شیراز، كه‌رمان، قه‌سرشیرین، كوردستان(میدیا)، ئه‌بادان، خۆڕاسان، به‌روجرد، كاشان) نیشته‌جێ ببوون (تاج پور، 1344 :11؛ نفیسی، 1388 : 89؛ زرین كوب، 1378 :60)، ئاماژه هه‌یه به‌وه‌ی كه (یه‌زگورد) جگه له(یه‌هودیه) له ئه‌سفه‌هان چه‌ند شارێكی تری بۆ جووه‌كان دروستكردووه، ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی و ئه‌من وئاسایشی بۆ دابین كردوون، بێگومان ئه‌مه‌ش بۆ ڕۆڵ و پشتیوانی شاژنه(شیشندۆخت)ده‌گه‌ڕێته‌وه(پیگولوسكایا ودیگران، 1353: 370). ڕێژه‌یه‌كی زۆر

لە جووەکان بۆ ئەو شارە کۆچیان کردووە و تێیدا نیشتەجێبوون، هەروەها تێکەڵاویی و نزیکبوونەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکی جوو و فارسی دروستبوو، لە ئەنجامدا ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و ئابووری لێکەوتووەتەوە.

## 2-2 چارەسەرکردنی کێشەی باج و سەرانە

ئابووری دەوڵەتی ساسانی لە داهاتی ناوخۆ(بازرگانی و کشتوکاڵ)، دەستکەوتی جەنگەکان و باج و پیتاك پێکهاتبوو[xii]، باجەکانیش بۆ دووجۆری سەرەکی دابەشکرابوو، ئەوانیش (باجی زەوی و زار) و (باجی کەسایەتی، یان سەرانە)، کە لەسەر گشت ئەندامانی کۆمەڵگای ساسانی دانرابوو(عرب وصادقی،2013: 24؛ پیرنیا،2013: 398)، بەشێکی لەو سەرانەیە لەسەر پەیڕەوانی ئایینەکانی تر دانرابوو، بە تایبەتی ئایینەکانی مەسیحی و یەهودی(مهرناز، 1383 :47)، هەرچەندە بڕەکەی دیاری نەکرابوو، بەڵام زۆرجار بڕی ئەو سەرانەیە ڕێژەکەی زیاتر بووە لە بڕی ئاسایی، بە تایبەتی لەکاتی جەنگەکاندا، ئەوەی لە جووەکان وەردەگیرا زۆر بووە بە بەراوورد لەگەڵ کەسانی ئاساییدا (الحسن، 2014: 97)، لەبەرئەوەی جووەکان لە رووی ئابوورییەوە خاوەنی سەرمایەکی مەزن بوونە، خاوەنی پیشەی هەمەجۆر بوونە، وەك خەڵکی گوندەکانی خەریکی کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری بوونە(خاورشناسان فرانسوی، 1366 :181)، بەڵام خەڵکی شارەکان زۆربەیان کاری بازرگانیان دەکرد (فیزهوفر، 2009 :177) وێرای پیشەکانی زێرنگری و ڕستن و چنین و  ڕەنگ کردن و پێستەخۆش کردن(مکاریوس، 2012 :64)، ئەوانیش ناچاربوون بۆ پاراستنی خۆیان بە تایبەتی لە بابل ئەو باجە ببەخشن بە دەوڵەت، زۆرجار نەدانی ئەوباجە سزا و ئەشکەنجەی لێدەکەتەوە، لە ئایینی جووەکاندا بەخشینی باج و سەرانە بە هەر قەوارەیەك یان دەوڵەتێکی تر بێجگە لە جووەکان، بە تاوان هەژمار کراوە، بەوەی ئەو بڕەی دەیدەن، خێرە نابێ بدرێت بە هیچ کەس و لایەنێك جگە لە جووەکان، کێشە لە نێوان ساسانیەکان و جووەکان لەسەر ئەم بابەتە دروست دەبووە، واتا بەهۆی نەدانی باج و سەرانە، بەڵام بەوەی کە (شیشندۆخت) کوڕی هەبووە و دایکی سێ کوڕ بووە، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەم بارودۆخەدا جووەکان هەبوونی کوڕ لە کچەکانیان، بە میراتگری خۆیان دەزان، بەوەی (بەهرامی پێنجەم، بە شای جووەکان هەژمار کراوە، بەوەی دایکی جوو بووە(دریایی، 1383: 72)، بۆیە ئاماژە بەوە دەکرێ(بەهرام) شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی عیبری هەبووە و ئاشنای شەریعەتی جووەکان بووە (الثعالبي، 1963: 555). لەتێڕوانینی جووەکاندا لە چوارچێوەی تێکەڵاوبوونی بیروباوەڕ بۆ بەدەستهێنانی شوناس و پارێزگاریکردن لە ئایینەکەیان ئەوەی بە ڕەچەکەڵەك، یان بە بنەماڵە جوو نەبێ ناچێتە بازنەی ئایینەکە، بەڵکو بە بێگانە سەیر دەکرێ( عبدالواحد، 2007: 65)،. بۆیە ئەمە هاریکار بووە تاوەکو پەیوەندییەکە باشتر بێت و کێشە ڕوونەدات، بە تایبەتی لەو ماوەیەی کە (یەزگوردی یەکەم) حوکمڕانیی کردووە.

## 3-2 لێکەوتەکانی ڕۆڵیی شیشندۆخت لە کۆمەڵگای دەوڵەتی ساسانیدا

لە ئەنجامی ئەم ڕۆڵەی شیشندۆخت هەیبوو لە کۆشکی دەوڵەتی ساسانیدا، کاریگەرییەکانی لە لایەنەکانی ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بەدەرکەوت، ئەوەی تێبنی دەکرێ جووەکان پاش ڕاگواستنیان بۆ بابل و ڕۆژهەڵات، هەوڵ و کۆششیان بۆ پارێزگاری کردنی ئایین و داب ونەریتی خۆیان بوو، بۆ ئەمەش چەندین قوتابخانە یان زانستگای ئایینیان هەبووە، وەکو (سورا، نەهر دەعا، پومبدیتا[xiii])، لەو سەردەمەدا هەندێ لەو زانستگا ئایینیانە داخرابوون، وەکو (نەهر دەعا) لە ساڵی (260 ز) لە لایەن شای تەدمر[xiv]هێرشکراوەتە سەری و داخراوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەم بە دیاریکراوی لە ساڵی (388ز) دووبارە چالاکیەکانی دەست پێ کردۆتەوە (سوسە، 2000: 188)، بە دوور نازانرێ بە پشتیوانی و پشتگیری ئەو شاژنە بوو بێت، چونکە کردنەوەی ئەو زاستگایی تایبەت بە ئایینەکەیان پێویستی بە پاڵپشتی دەسەلاَت هەبووە، بۆیە لەو ماوەیەدا، لە ماوەی باڵا دەستی شاژندا، دووبارە دەستکراوە بە نووسینەوە و لێکۆڵینەوە تەلمود(Talmud)بە تایبەتی نووسینەوەی تەلمودی بابلXVبۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش گرینگی پێدانی شا (یەزگورد) بە سەرکردە و گەورە پیاوانی جووەکان، بۆ نموونە لە زۆربەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەوڵەت سێ لە نوێنەرانی جووەکان ئامادە دەبوون، وەك لەحاخام (ئاشی) نوێنەری شاری سورە، (مەرزوما) نوێنەری شاری پۆمپدیتا، (ئامسار) نوێنەری شاری نەهر دەعا (جلیلیان ودیگران، 1390: 13). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێ کەپشتیوانی کۆشك زۆربووە بۆ جووەکان و کاریگەری لەسەر کارو چالاکیەکانی ئەوان هەبووە، بەتایبەتی لە رووی چالاکی رۆشنبیری و زانستی.

لە ڕووی ئابوورییەوە، بەهۆی ئەو لە یەك نزیك بوونەوەیە توانرا چارەسەری کێشەی بازرگانی ئاسن بکرێ، بەوەی لە دیدی جووەکان فرۆشتنی ئاسن بە بێباوەڕان ڕێگەپێدراو نەبووە، بازرگانانی جوو فرۆشتنی ئاسن بە ساسانیەکان بە شیاو نەزانیووە، بەڵام دواتر حاخام (ئاشی) کە گەورە بەرپرسی جووەکان بووە، کە پێگەیەکی بەرزی هەبووە لە کۆشکی دەوڵەت بەتایبەتی لەلای شا (یەزگورد) هەبوو، هەروەها لەلای جووەکانیش ڕێزی زۆری هەبووە، بڕیاریدا فرۆشتنی ئاسن بە دەوڵەتی ساسانی ڕەوایە و هیچ

کێشەیەکی نییە (قادری،1389: 342)، دواتر ئەم کارەیان ئەنجامدا، بەمە توانرا چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێ، جگە لەوەش جووەکان خاوەنی ئابووریەکی بە هێز بوونە، زۆربەی مامەڵەی دراو دەستاودەستکردنی دراو بە دەستی جووەکانەوە بووە، بە پێی نووسراوەکان بانکەکانی ئێران لەو سەردەمەدا جووەکان بەڕێوەیان دەبرد (گریشمن، 2013: 523).

لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، دڵسۆزی شاژن بۆ جووەکان و نیشتەجێکردنیان لە ناوجەرگەی دەوڵەت هەروەها نزیکی و تێکەڵاوبوونیان لە گەڵ شای دەوڵەت، بێگومان بووە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای دەوڵەتی ساسانیدا، بە هۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتەی کە جووەکان لەو شارە هەیانبووە، کاریگەری لەسەر زمانەکەیان بەدەرکەوتووە، بۆیە زاراوەیەکی تایبەتیان داهێناوە بۆ گفتۆگۆکردن لە نێوان خۆیاندا بەکاریان هێناوە، پێکهاتبوو لەزمانەکانی (فارسی، عیبرانی ،ئارامی) بەو زمانە دەوترا( Lotera'i) (لُترايي) بە واتای (غير توراتي)، یان بە مانای نا تەوراتی دێت، بەڵکو وەك عامی(گشتی) وابووە، کە جیاواز بووە لە زمانی نووسین(تەوراتی)، ابراهیمی ئاماژە بەوە دەکات، کە زاراوەی لیترایی، جووەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لەنێوان خۆیاندا بەکاریاندەهێنا، تەنها ئەوان لە یەکتر تێگدەگەیشتن،(2016: 5). بە بۆچوونی توێژەر ئەمە دەرخەری ئەوەیە،کە جووەکان لە ئێران خۆیان گونجاندووە[xvi] بوونە هاونشتمانی دەوڵەتی ساسانی و زمانێکی تایبەت بەخۆیان داهێناوە لەگەڵ شوێن و بارۆخەکەیان بگونجێ، چونکە ئەم زمانە لەلایەن جوەکانی تر بۆ نموونە لە بابل یان لە ئۆرشەلیم نەبووە، لەوانەیە زیاتر بەهۆی دوورکەوتنەوەیان بوو بێت لە کۆمەڵی جووەکان، کە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی دەوڵەتی ساسانیان پێکدەهێنا لە ئەنجامی بەریەککەوتنیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەبووە، بۆیە ئەم جۆرە داهێنانە لە زمان، زۆر بەگرنگ دەزانرێ، بەوەی زمانێك دابهێنن، کە لە نێوان خۆیان پێیی بدوێن، کە جیاوازبووە لە زمانی عیبرانی کە لە ئۆرشەلیم هەبوو، بە شێوەیەکی تر ئەم ڕەوشە بۆ ڕۆڵی شاژن دەگەڕێتەوە، کە توانیبووی هەموو جووەکان لەو شارە کۆبکاتەوە.

کۆمەڵێك پاشماوەی شوێنەواری لە شارە جیاوازەکانی ئێراندا بەدیدەکرێ، کە بۆ سەردەمی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە، هەندێکیان بە پاشماوەی جووەکان دەزانرێ، وەك (ئارامگای پیر بەکران، Pir Bakran)[xvii]، پیر بەکران ناوی ئەو شارۆچکەییە، کە سی کیلۆمەتر لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای شاری ئەسفەهانەوە دوورە، لەگۆرستانەکەیدا چەند گۆڕێکی جووەکانی تێداماوە، لە پاڵ گۆڕەکاندا پەرستگایەکی تێدا بونیادنراوە، کە شێوەی دروستکردنەکەی، شێوازی تەلارسازی ساسانی تێدا بەدی دەکرێ، وەك هەبوونی تاق و ئەیوان، لە لایەکی دیواری گۆڕەکە، نووسینێك بەزمانی عیبری لەسەری نووسراوە، وتراوە گۆڕەکە هی(سارا خاتوون، یان ستارە خاتوون، یان سارا کچی ئاشرە)، کە بە نەوەی پێغەمبەر یەعقوب(سەڵامی خوای لێ بێ) ناسراوە، بەڵام شوێنەوارناسی ئەلمانی هنری فیلد لەو باوەڕەدایە ئەم گۆڕە بۆ شاژنە(شیشندۆخت)دەگەڕێتەوە(1343: 252)، هەروەها پەرستگایەکی تر بەناوی (پەرستگای ئەشعیا) هەر لە ئەسفەهانە لە ناحیەی جوبیارەدا، کە هەمان ناوی شوێنی یەهودیە، کە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە(الجمعی،2022: 336). مانەوەی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانە دەرخەری پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی جووەکانن، کە لە ماوەی حوکمڕانی (یەزگوردی یەکەم)دا، کە ببوونە جێگەی متمانەی شا و کۆمەڵگای دەوڵەتی ساسانی.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە ئاکامی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەدا، بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین، دەکرێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

**یەکەم:** دەوڵەتی ساسانی لەسەر بنەماکانی ئایینی زەردەشتیەوە بووە، ئەویش ڕێگەی نەدەدا ئافرەت پۆستی حوکمڕانی وەربگرن، بەڵام هەندێ لە شاژنەکان ڕۆڵی کارایان هەبووە لە ئاراستەکردنی هەڵوێستی شای دەوڵەت، وەکو شیشندۆختی هاوسەری یەزدگوردی یەکەم، کە هاوکار بووە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی شا لەگەڵ جووەکان.

**دووەم:** هەرچەندە نەریتی دەوڵەتی ساسانی وابوو شا هاوژینی لە بنەماڵە دیارەکان دەهێنا، کەچی شیشندوخت لەوخانەوادە دیارانەی ئێرانی نەبوو، بەڵکو لە خانەوادەیەکی ئایینی (جووەکان) بووە، کچی (حەنا باراناثان) بوو، ئەو کەسایەتیە نازناوی مەلیکی هەبووە، پێگەیەکی دیاری هەبووە لە کۆمەڵگای جوودا، واتا لەو ئاستەدابووە، کە ببێتە شاژن لە دەوڵەتی ساسانیدا، چونکە ئەوەی دەبووە خێزانی شا نازناوی میلیکەی پێدەبەخشرا، بۆیە دەبوو لە خانەوادەیەکی دیاربووایە.

**سێیەم:** پەیوەندی جووەکان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ساسانی، لە نێوان ئاشتی و چەوساندنەوەدابوو، بەوەی هەندێکجار دژایەتی زۆریان کردوون، بەتایبەتی لەسەرەتایی دامەزراندنی دەوڵەتدا، بەڵام لەسەردەمی (یەزگوردی یەکەم)دا ڕەوشێکی جیاواز هاتەئاراوە، بەوەی لێبووردەو ڕەفتاری جوانی لەگەڵ جووەکان کردووە، هەرچەندە دەوترێ خۆی خاوەنی کەسایەتیەکی لێبووردەیی بووە، بەڵام دەکرێ بۆ ڕۆڵی شاژنە شیشندۆخت بگەڕێتەوە.

**چوارەم:** رۆڵی شاژن لەچەند لایەنیەکەوە بەدەردەکەوێ، وەك بونیادنانی یەهودیە لە ئەسفەهان، هۆکار بوو بۆ نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆری جووەکان لەو شارەدا، لە ئەنجامدا پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان جووەکان و کۆمەڵگای دەوڵەتی ساسانی دروستبوو، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی باج و سەرانەو فرۆشتنی کانزا لێکەوتەوە.

## پەراوێزەکان

i . جووەکان لە شوێنی نیشتەجێ بوون خۆیان بە هۆی ئەو ئازادەییەی هەیانبوو بە خۆیان ئیدارەی کۆمەڵگاکەی خۆیان کردووە لە لایەن کەسێك پێ دەوترا (راس جالوت) سەرۆك و نوێنەری جووەکان بووە، بە زمانی ئارامی (resh galutha ؛ rēš galut (ریش جالوتا) بە زمانی عیبری (روش جولاە) لە زمانی عەرەبی (راس جالیە)ی پێ وتراوە، راس بە واتای سەر، جالوت بە واتای دورخراوەکان یان جالیە یان سەرۆکی پەناهەندەکان یان ئاوارەکان دێ (ذیلایی، 1392: 3)، ئەم پۆستە لەدوای ئاوارەبوونی جووەکان سەریهەڵداوە( ابن الوردی، 1969: 102).

ii . یەزگوردی کوڕی شاپوور، جا روون نییە کوڕی شاپووری دووەمە، یان شاپووری سییەمە، بۆچوونی جیاواز هەیە لەو بارەیەوە، طبری ئاماژە بەوە دەکات، کە یەزگورد کوڕی ( بەهرام) ی کوڕی ( شاپووری دووەم) کە نازناوی (کەرمانشا) بووە، هەر لە هەمان لاپەڕودا ئاماژە بەوە دەکات، کە یەزگورد برای بەهرام(کرمانشا) بووە نەك کوڕی، (199: 27؛) بەڵام نولدکە ئەمە زیاتر دیاری دەکات یەزگوردی یەکەم کوڕی شاپووری سێیەمە(نولدکە، 1358 : 105).

iii . لەوانەیە هەندێجار ئەم یاسایە جێبەجێ نەکرابێ، چونکە دەوەستێتە سەر ئارەزووی شاکانەوە، بۆ نموونە کاتێ (خوسرەو پەروێز، 590-628ز) ئارەزووی بوو هاوسەرگیری لەگەڵ شیرین بکات، هەرچەندە ئاماژە هەیە لەوانەیە (شیرین) لە چینی خانەدان نەبووبێ، دوایی هەوڵی زۆر و توانی پیاوانی ئاینی ڕازی بکات و دەرچەیەك بدۆزنەوە بۆ ڕێکخستنی هاوسەرگیری نێوان (خوسرەو پەروێز) و (شیرین)(عبدالواحد، 2023: 161) .

iv . بەوەی جووەکان نیشتەجێی بە پیت ترین شوێنی عێراق بوونە کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرینگ بووە، بەشی زۆری خەڵکی گوندەکانی خەریکی کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداری بوونە(عبدالواحد، 2023: 197).

v . ئەخمینیەکانن (550- 331 پ.ز)، ناوەکەی بۆ سەرکردەکەیان ئەخمینس ،یان هاخەمانش دەگەڕێتەوە، لە نزیکەی سالێ (700پ.ز) توانیان خۆیان ڕێکبخەن، ناوەکەیان بۆ دامەزرێنەکەیان ئەخمین، یان هاخامانش دەگەڕێتەوە( گێرشێڤیچ، 2012: 20.

vi . ئەخمینیەکان ئەخمینیەکان (550- 331 پ.ز)، ناوەکەی بۆ سەرکردەکەیان ئەخمینس ،یان هاخەمانش دەگەڕێتەوە، لە نزیکەی سالێ (700پ.ز) توانیان خۆیان ڕێکبخەن، سەرەتا لە ڕووی سیاسیەوە لە ژێر دەسەڵاتی میدیەکان بوونە تا سەردەمی کۆرشی دووەم( 558- 530پ.ز) نزیکەی سالێ (550 پ.ز) کە توانی میدیەکانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەخمینیەکان زۆربەی جیهانی کۆنیان داگیر کرد وەك لەڕۆژهەڵات لە دۆڵێ سند تا لیبا و لیدیا (ئەنادۆل) لە ڕۆژئاواشەوە تاوەکو سوریا عێراق و میسر (گێرشێڤیچ، 2012: 21 ؛ پیرنیا، 2013 :151-170)

vii . ئەشکانیەکان یان فورثیەکان(247 پ.ز -224ز) نەتەوەیەکی کۆنی ئارییین، سەرەتا بە ناوی پارنی ناسراو بوون، بەوەی لە ناوچەی (پارثیە) لەبەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران (خۆراسان) ژیاون، نەژادیان بۆ هۆزی (داهی) دەگەڕێتەوە، کە بەشێك بوون لەئەسکیتیەکان (سەرفرازوفەیرۆزمەندی،2009: 223 ؛ گریشمن، 2013: 366).

viii ، کارتیر، یەکێکە لە پیاوە ئاینی زەردەشتی سەردەمی ساسانی، ئەو پێگە ئاین و سیاسیەی هەیبوو وەیکردبوو کە لە زۆر شوێن وتەی هەبێت، بۆ نموونە لە چوار نەخشی بەناوبانگی ساسانیدا (نەخشی ڕۆستم) و (نەخشی ڕەجەب) و( سەرمەشهد) و (بون خانە) نووسین و وێنەی تایبەتی هەبووە (تفضلی، 1378: 90-92)

ix . کۆرشی دووەم یان کۆرشی ئەخمینی کوڕی قەمبیزی یەکەم و مەندانەی کچی ئەستیاکی دوا پاشای میدییەکانە، لە دژی دەوڵەتی میدیا لە ساڵی(550 پ.ز) شۆڕشی کرد و دەوڵەتی ئەخمینیی زیاتر بەهێزکرد، زۆربەی جیهانی کۆنیان داگیر کرد، لە دوڵی سند تا لیدیا (ئەنادۆل)، هەروەها عێراق و میسر بوونە بەشێك لە دەوڵەتی ئەخمینی (عبودی، 1991 :52 ؛ پیرنیا، 2013 :151-170).

x . فلافیۆس ئەرکادیۆس، یەکێ لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمی بێزنتی ( ڕۆژهەڵات) بووە، کوڕی تیۆدۆسی یەکەم بووە، لە نێوان ساڵانی (377 یان 378 ز)لە ئیسپانیا لە دایك بووە، لە ساڵی (408ز) کۆچی دوای کردووە،( (Edwell,2013,850).

xi . مارسیل اوگوست دیولافوا ( 1843- 1920) ئەو خانمە خێزانی ئەندازیار و زانای شوێنەواری فەرەنسی (مارسیل دیولافوا) بووە، لە گەڵ هاوسەرەکەی تێبنی و کۆکراوەکانی بۆ تۆمارکردووە، سێ جار سەردانی ئێرانیان کردووە، بۆ هەڵکۆڵینی شوێنەواری ، گەشتی یەکەمیان لە ساڵی (1881) بووە، دوو پەرتووکیان نووسیوە، گەشتی دووەم و سێیەمیان لە نێوان ساڵانی 1884-1886ز بووە، ئەو دوو هاوسەرە بەشی زۆری شوێنەواری (ئەخمینیەکان و دارای) یەکەمیان بۆ فەرنسا بردووە و لە مۆزەخانەی لۆڤەر نمایشکراوە، و گەشتەکەی لە بەندەری مەرسیلیا لە فەرەنسا دەست پێدەکات، بە دەریای سپی و تورکیا و قەوقاز و تا گەیشتۆتە ئێران و عێراق، لەپاش گەڕان و دیتنی شوێنەوارەکانی ئێران

پەرتووکێکی لەساڵی (1887ز) بڵاوکردۆتەوە، بەناونیشانی (سرزمین پارس(کلده و شوش)کە 739 لاپەڕە بووە، بە شێوەی ئەبجەدی بابەتەکانی دابەشکردووە، دواتر بهرام فرحفاشی وەرگێرانی بۆ زمانی فارسی بۆ کردووە بەناونیشانی (سفرنامه مادام ديولافوا " ايران وكلده") .

[xii] . دانانی سیستەمی باج (الضرائب) بۆ سەردەمی ئەخمینیەکان بە تایبەتی بۆ دارای یەکەم دەگەڕێتەوە، کە بۆ هەر هەرێکمێك بڕی باجەکە دیاریکرابوو، کە پێویست بوو بیدەن بە دەوڵەتی ئەخمینی(باقر واخرون، 1980: 58).

xiii . ئەوانە ئەکادیمیای ئایینی ئاست بەرزی جووەکان بوون، وەك گەورەترین ئاکادیمای یەهودی لە بابل خەریکی لێکۆڵینەوە لە تەورات و بنەماکانی ئایینەکەیان بوون.( عبدالواحد،، 2023: 203).

[xiv] . تەدموڕPalmyra، ئەکێکە لە شارە کۆنەکانی سوریای ئەمڕۆ 115 کیلۆمەتر لە باکووری شاری دیمەشقە، شوێنێکی ستراتیژی بازرگانی گرنگی هەبووە، لەو سەردەمەدا لە لایەن (ئوزەینە) هێرشی کراوەتە سەر ئەو شارە و زانستگاکەی ڕووخاندووە( سوسە، 2003: 9).

[xv] .تەلمود وشەیەکی عیبرانیە بەواتای دیراسەکردن و فێربوون دێت، واتایەکی تر نووسینەوەی گفترگۆی حاخامانی(زانایانی) جووەکانە، لەبارەی شەریعە ورەوشت و ئاکار و کوولتور وداب و نەریت و چیرۆکی باوەڕ پێکراوی جووەکانە، بە سەرچاوەی بنەڕەتی شەرعەتی جووەکان دادەنرێ، لە دوو بەش پێکدێت ئەوانیش: مشنا (Mishnah) و گومارا (Gemara ) بۆ زانیاری زیاتر ( التلمود البابلي,2011 :21)

[xvi] بە تێپەڕبوونی ماوە بە جۆرێك تێکەڵی کۆمەڵگای ئێرانی بوونە ناتوانرێ جیابکرێتەوە لە رووی

جەستە و زمانەوە، هەندێکیان تاوەکو ئێستاش لە ئێران ماوون بەڵام ڕێژەیان زۆر کەمترە بە بەراوورد بە ساڵانی پێشتر بەتایبەتی لە ( کاشان و ئەسفەهان و هەمەدان شیراز) .

[xvii] . پیر بەکران، ئەو شوێنە پێشتر بەناوی بالان بووە، بەڵام لە (703- 712 ز) کۆچی، ئەو ناوەی لێنراوە، کە ئەویش بۆکەسایەیتەك بەناوی (محمد بن بەکر) دەگەڕێتەوە، لەوشوێنە ژیاوە و دوایی مردنی هەرلەوێ نێژراوە، بۆیە ناوی گۆرستانەکەش بوو بە ناوی(پیر بەکران)(سرشار، 1383: 31).

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی


_ بندهش (1395). فرنبغ دادگی. تهران، انتشارات توس.

_ابونا، الاب البير (2007) تاريخ الكنيس السرياني، الشرقية، من انتشار المسيحة حتى المجئ الاسلام، دار المشرق، البيروت.

_باقر، طه ورشيد، فوزى وهاشم، رضا جواد (1980) تاريخ ايران القديم. جامعة بغداد، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

_بلاذرى، احمد بن يحى بن جابر بن داود(1997) فتوح البلدان. دمشق، منشورات وزارة الثقافة.

_التلمود البابلي (2011) مركز دراسات الشرق الاوسط, بيروت.

_ پيرنيا، حسن (2013) تاريخ ايران القديم من بيدايه حتى نهايه العهد الساساني، ترجمه: محمد نوالدين عبدالمنعم ومحمد السباعى.القاهرة،مركز القومي للترجمه

_الثعالبي، ابو المنصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل النيسابوري(1963) تاريخ غرر السير (غرر اخبار ملوك الفرس وسيرهم).تهران، مكتبة الاسد.

_ الجمعي، غادة عبدالمنعم (2022) الكنيس اليهودى بمنطقة جوبارة باصفهان في العصر القاجاري، دراسة اثرية معمارية تحلية مقارنة مجلة النحوث والدراسات الاسلامية، العدد العاشر، ص 334-ص360.

_ ابن الحوقل ( 1992) صورة الارض. بيروت، منشورات دار مكتبه الحياة.

- سوسه، احمد (2000) ملامح من التاريخ القديم ليهود العراق. بيروت، الموسسة العربية للدراسات والنشر.

_ سوسه، احمد (2003). ابحاث في اليهودية والصهيونية.الاردن، دار الامل للنشر والتوزيع.

_الاصفهانى، حمزه بن الحسن(1961) تاريخ الملوك الارض والانبياء. بيروت، منشورات دار مكتبة الحياة.

_ الطبري، محمد بن جرير (1998) تاريخ الطبري المعروف بتاريخ الامم والملوك. الجزء الثاني . بيروت، منشورات موسسة .

_ ابن الطقطقي، محمد بن علي بن طباطبا(ب.د). الفخري فى الاداب السلطانية والدول الاسلامية. بيروت، دار صادر.

_ العابد، مفيد رائف(1999) معالم تاريخ الدولة الساسانية(عصر الاكاسرة) 226-651 م.دمشق، دار الفكر.

_ عبدالواحد، كلثومة جميل( 2007) كردستان في عهد الساسانيين، 224- 630، اربيل، مطبعة وزارة التربية.

_ عبودي، هنري .س (1991). معجم الحضارات السامية. لبنان، جروس برس.

_ فيزهوفر، يزف (2009) فارس القديمه 550 ق.م -650 ق.م. ترجمه:.محمد جديد ،سوريا ،شركه قدمس للنشروالتوزيع.

_كريستنسن، ارثر(1957) ايران في عهد الساسانيين. ترجمة: يحي الخشاب. بيروت، دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

_ محمد، جهان مجاهد(2019) الدور السياسي للملكة اليهودية شوشندخت خلال العصر الساساني .رسالة المشرق،مج. 34، ع. 4، ص ص. 35-61.

_المقديسي(1988) احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم, دار الاحياء التراث, بيروت.

_المسعودي، ابي الحسن علي بن الحسين بن علي(1938) التنبيه والاشراف. بيروت، المكتبة التاريخية .

_ مكاريوس، شاهين (2003) تاريخ ايران. القاهره، دار الافاق العربى .

_ الناصرى، سيد احمد علي(1991) تاريخ الامبراطورية الرومانية السياسي والحضارى. القاهرة، دار النهضة العربية.

_ ابن الوردي، زين الدين عمر بن مظفر (1969) تاريخ ابن الوردى. الجزء الاول. النجف، المطبعة الحيدرية.

### سەرچاوە بە زمانی کوردی

- سرفراز، عەلی ئەکبر و فەیروزمەندی، بەهمەن(2009) دێرینەناسی و هونەر لە سەردەمە مێژووییەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی. وەرگێران: وریا قانع، هەولێر، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی هێڤی.

- گریشمن، ڕۆمەن(2013) مێژووی ئێران لە سەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام. وەرگێران: سەلاحەددین ئاشتی. سلێمانی، بنەکەی ژین بۆ بڵاوکردنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردی.

- گێرشێڤیچ، ئیلیا( 2012) سەردەمی هەخامەنشییەکان. وەرگێرانی: سەلاحددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین.

### سەرچاوە بە زمانی فارسی

_ ابراهیمی، ایوب(2016) لترایی گویش یهودیان اصفهان. ایران نامگ، سال 1 ،شماره ٢ ،تابستان ٢، ص 78-ص91.

_ تفضلی، احمد (1375). تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام. تهران، کتابخانه ملی ایران.

_جلیلیان، شهرام و مصطفی جرفی و ریحان سنجری پور ( 1390) ساسانیان و یهودیان در کشاکش و همزیستی همزیستی، مجله پژوهش‌های تاریخی ایران و اسلام، شماره ۹، پاییز و زمستان، ص ۲۲-۷.

_جلیلیان، شهرام(1395) سه چهری یك پادشاه: گناهکار، پیروزمند و نیك، یا کوروش دیگر؟،فصلنامه علمی_ پژوهشی تاریخ اسلام وایران دانشگاه الزهرا، سال بیست و ششم، شماره 31، پیایی 121، ص20_ص44.

_دریایی، تورج( 1388) شهرستان های ایرانشهر: نوشته‌ای به زبان فارسی میانه دربارەی تاریخ، حماسه و جغرافیای باستانی ایران، ترجمه: شهرام جلیلیان، ایران، انتشارات توس.

_ ذیلایی، نگار (1392) تشکیلات نه راس الجالوت در شرق اسلامی. مجله تاریخ وتمدن اسلامی، سال نهم، شماره هجدهم، ص 3-ص 15.

_زرین کوب، عبدالحسین (1378) روزگاران، تاریخ ایران از اغاز تا سقوط سلطنت پهلوی، ایران، انتشارات سخن.

_ سرشار، هومن( 1383) فرزندان استر، مجموعه مقالاتی دەربارەی اریخ وزیندگی یهودیان در ایران، ترجمه: مهناز نصریه، ایران، کتابخانەی ملی،

_عرب، حسنعلی و حسین صادقی(2013) برآورد درآمدهای مالیاتی دولت ساسانی (بر اساس مدارک باستانشناسی و منابع تاریخی، پژوهشنامه تاریخ- سال هشتم- شماره سی و دو،ص90-ص111.

_قادری، تیمور( 1389) ادیان واقوام، تاریخ ایران کمبریج، جلد سوم، قسمت چهارم.

- مادام دیولافوا (1322) *سفرنامه دیولافوا*، ترجمه فرەوشی، تهران.

-کارنامه اردشیر بابکان (1339). به اهتمام: محمد جواد مشکور. ایران، کتابخانه و کتاب فروشی دانش.

_نتصر، اسنون( 1351) شاهان ساسانی در الموود شاپور اول، شاپور دوم و یزدگرد اول، دانشگاه ادبیات وعلوم انسانی، داتشگاه تهران. ست نوزدهم، شماره 1 و2، ص 10- ص23.

_ ن، و. بیکولوسکایا وا. یر. یاکوبوسکی و ای. پ. پطروشفسکی و ا. م. بلنیتسکی و ل. و.پ استرویو(1353) تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی، ترجمه: کریم کشاورزی، چاپ سوم، ایران، پیام.

_ نولدکه، تئودور (1358) تاریخ ایرانیان وعربها در زمان ساسانیان. ترجمه: عباس زریاب ،تهران، سلسله انجمن اثاري.

_ نتصر، اسنون( 1351) شاهان ساسانی در الموود شاپور اول، شاپور دوم و یزدگرد اول، دانشگاه ادبیات وعلوم انسانی، داتشگاه تهران. ست نوزدهم، شماره 1 و2، ص 10- ص23.

_ ن، و. بیکولوسکایا وا. یر. یاکوبوسکی و ای. پ. پطروشفسکی و ا. م. بلنیتسکی و ل. و.پ استرویو(1353) تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم میلادی، ترجمه: کریم کشاورزی، چاپ سوم، ایران، پیام.

- نولدکه، تئودور (1358) تاریخ ایرانیان وعربها در زمان ساسانیان. ترجمه: عباس زریاب ،تهران، سلسله انجمن اثاري.

_ نفیسی، سعید (1388) تاریخ تمدن ایران ساسانی.تهران، شرکت مطالعات و نشر کتاب پارسه.

_ هنری فیلد( 1343) مردمشناسی ایران، ترجمه: عبدلله فریار، تهران، انتشارات کتابخانه ابن سینا.

### سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

- Touraj( 2020) Coins & Sasaniain Kingship, Academia.edu Daryae.

_Edwell,Peter(2013)Sasanian Interactions with Rome and Byzantium, In Potts, Daniel T(ed).The oxford Handbook of Ancient Iran, Oxford University.

_Loeb, Lutcaste,D(2011) Outcaste Jewish Life in Southern Iran. Iran, Routledge Library Editions.

# The Role of Queen Šīšīnduxt in Strengthening Relations Between the Sasanian State and the Jews

**Kalthuma Jameel Abdulwahid**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**Abstract**
This study describes the role of queen Shishindokht, the wife of King Yazhgverdi I, who was in a prominent Jewish family responsible for Russ Jalut, and was the reason for strengthening the relationship between the Sasanian state and the Jews. The queen's support has done a number of great achievements, which have influenced Jewish social relations, as well as the restoration and reconstruction of The City of Esfahan, which led to the settlement of many Jews in the city, resulting in peace. The queen's latter work was to solve the tax code and pay taxes, because in the eyes of the Jews ،tax donations were not allowed except for Jews, but it was a crime, but because of the role of Shishindokht, the queens had been called (Queen) who was also a boy mother, she solved many issues, despite the many remains of the time, indicates that the Jews lived peacefully under the queen's ruling during the rule of Yisgury I.
**Keywords:** Shishindokht, Yisgurd yak, Jews, Rush Golut, Asifhan.

## دور الملكة شيسيندوخت في تعزيز العلاقات بين الدولة الساسانية واليهود

**كلسومة جميل عبدالواحد**
قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-أربيل
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**ملخص**
تتناول هذه الدراسة الملكة شيشندوخت، زوجة الملك يزدجرد الأول ودورها في تقوية العلاقة بين الدولة الساسانية واليهود، وكانت من عائلة يهودية بارزة وهى ابنة مسؤول عن راس جالوت، وقد حقق دعم الملكة عدداً من الإنجازات العظيمة، التي أثرت في العلاقات الاجتماعية اليهودية، فضلاً عن ترميم وإعادة إعمار مدينة أصفهان، مما أدى إلى استيطان العديد من اليهود فيها، مما أدى إلى السلام، وكان عمل الملكة الأخير هو حل قانون الضرائب، لأنه في نظر اليهود لم تكن التبرعات الضريبية مسموحة إلا لليهود، كانت تعتبر جريمة، ولكن شيشندوخت، لقبها (الملكة) التي كانت أيضًا أمًا للاولاد، حلت هذة القضية، ان وجود بقايا اثار ذلك الوقت الكثيرة، مما يدل على أن اليهود عاشوا بسلام في ظل حكم الملكة في عهد يزجرد الأول.

**كلمات المفتاحية:** شيشيندوخت، يزجرد الاول، اليهود، راس جالوت، أصفهان.